# چەرخی هەڵسانەوەی میدەکان فەلسەفەیەکی نوێی پێویستە

دکتۆر ریبوار فەتاح

کور ئەبەد ناگاتە مەقسەد، نۆکەری بێگانەیـــــە
دوو دڵن، پیسن لەگەڵ یەک، بۆیە وا بێ لانەیە.
فایەق بێکەس (1905– 18 دیسەمبەری 1948) – شاعیر و نیشتمانپەروەر.

دوێنێ ئیمڕۆ دیاری دەکات؛ ئیمڕۆش بەردی بناغەیە بۆ سبەی. ئەوە کێشانەی ئیمڕۆ تاوتوێ دەکرێن سبەی مێژوون. دەرسەکانی مێژووش بەردی بناغەن بۆ دامەزراندنی داهاتوو. پێناسەیەک نیە بۆ مێژوو کە هەموو یەکبڕیار بین لەسەری. خوێندنەوەی جودا، بگرە ناتەباش، بۆ مێژوو هەن. مێژوو بە خوێنی گەلانی خوێنڕژاو، گەلانی خوێنڕێژ نووسیوویانەتەوە. گەلانی خوێنڕێژ مێژوویان بۆ خۆیان پچڕیووە. گەلانی دلۆڤان مێژوو ژێرپێی خستوون. تەنانەت ئاینەکان و خوداکانیش، گەر دەستکردی گەلانی خوێنڕێژ نەبن، لە خزمەتیاندان.

مێژووی مرۆڤایەتی، کە زۆرتر لە دەستی خوێنڕێژاندایە، لە دەوری کۆنسێپتێک کۆبووەتەوە، کە ڕەنگە شێوازی جودای وەرگرتبێت، بەڵام یەکناوەرۆک بووە. گەلانی داگیرکەر بە ناوی ڕزگارکەر و دلۆڤانیەوە خوێنڕشتنیان دەستپێ کردووە. خۆ ڕەنگە ناوەرۆکی گووتاری داگیرکەران بەمجۆرە بێت: هەردووک یەکسانین، بەمەرجێک ئێوە کۆیلەی ئێمە بن؛ گەر نەبنە کۆیلەمان دوژمنمانن. بۆ نموونە، ئایدۆلۆجی ئیسلام، جوداخوازی لەنێوان عەرەب (گەلی داگیرکەر) و عەجەم (گەلانی داگیرکراو) نابینێ؛ بەمەرجێک عەجەمەکان پێڕەوی ئایدۆلۆجی ئیسلام ـ عەرەب بکەن. بەمەش عەجەمەکان دەبن بە عەرەب؛ واز لە کلتوور و مێژووی خۆیان دەهێنن. ڕاستەکەی عەرەبەکان مێژووی گەلانی داگیرکراویان لەنێو برد. هەر هەمان ڕژێمی ئیسلامی کە جێپێی خۆی هێشتا لە دۆرگەی عەرەبیدا نەکردبووەوە، بۆ دڵنیاکردنەوەی عەرەبەکان لە مەترسی پەرەسەندنی ئیسلام، ڕایدەگەیاند، "ئێوە ئایینی خۆتان هەیە و ئێمەش هی خۆمان." بەڵام دواتر زمانی شمشێر کەوتە کار: "وەیل بۆ بێباوەڕان" بەرجەستەکرا.

ڕژێمی بەعسی عەرەبیش هەمان کۆنسێپتی بەرانبەر بە کورد بەرجەستە کرد: "گەر نەبنە بەعسی عەرەبی، دوژمنی نیشتمانن." هەر هەمان بەعس لە ڕۆژانی یەکەمینی حوکمڕانیدا، عێراقی بە وڵاتی کورد و عەرەب لە قەڵەم دەدا. ڕووی ڕاستەقینەی گەلانی داگیرکەر لەگەڵ دەستەڵات پەیداکردندا دەگۆڕێ. بۆ پشتگیری پەیداکردن لە کامپەینی "جەنگی دژی تیرۆر"ی ئەمەریکا، بوشی سەرۆکی ئەمەریکا بە شێوازێکی تر کۆنسێپتەکە دەردەبڕێ: "گەر لەگەڵماندا نەبن، دوژمنمانن." ئایا گەر بوش سەرۆکی بەهێزترین نەتەوەی جیهان نەبوویە، دەیتوانی وا زاڵ بدوێ؟

ئایا کورد توانیویەتی لەم پەیوەندی داگیرکەر و داگیرکراوەدا، خوێنڕێژ و خوێنڕێژراوەدا، خۆی بدۆزێتەوە؟ هەڵبەت کورد تەنیا بە دۆزینەوەی خۆی دەتوانێ تێڕوانینی لەمەڕ خۆی، وەک گەلێک، و گەلانی دەوروپشتی بە کۆنسێپت بکات و مێکانیزمێک بدۆزێتەوە بۆ پیادەکردنی. دەنا خەباتی کورد تەنیا لە چەند کۆنسێپتێکی سواوی بێکەڵک و نەکردەی، وەک برایەتی کورد و عەرەب و کوردستان یان نەماندا، قەتیس دەبێت.

### سەرهەڵدانی فەلسەفەیەکی نوێ

گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە فەلسەفەی سیاسی کوردا پێویستە؛ بگرە سەرهەڵدانی فەلسەفەیەکی نوێ دەستەبەرە. ئایا ئەو فەلسەفەیە کێ دایدەڕێژێ و چی لە خۆی دەگرێ؟

هەڵبەت فەلسەفەیەکی نوێ ئەفسانەیەک نیە، تەلیسماویانە گەلی کوردستان لە گشت تەنگەژەکانی ڕزگار بکات. نەخێر، بەڵکو لە ئاستی کوردستان و جیهاندا جەمکاری دەخوازێت. ئەم کارەش خوداوەندانە لە کاتی

سفردا کتوپڕ سەرهەڵنادات؛ کۆششی گشت کەسان و ڕێکخراوانی کورد و دۆستانی کورد دەکاتە بەردی بناغەی خۆی. جا دەبێ ئەم کۆششانە چ بن؟

لە چەند ساڵی رابردوودا، چەندین دەستپێک، کە چەندین لایەنی پۆزەتیڤ و نوێیان لەخۆگرتووە، کە لەوەوبەر، گەر هەندێکیشیان لە بزافی گەلی کورددا هەبوو بن، لاواز بوون. نموونەشیان چەندین ڕێکخراوی کوردی، دەستگای میدیا و چاپەمەنی و مەکۆ و سەکۆی جودایە لە سەرتاسەری جیهاندا . دەستپێکەکان ئەم خۆماڵیانەیان تێدایە:

- کوردستانین، کوردی گشت پارچەکانی کوردستانیان لەخۆگرتووە و بەرژەوەندی هاوبەشی گەلی کوردیان دیارکردووە.
- نێونەتەوەیین، لە سنوورەکانی کوردستان پەڕیونەوە و خەباتی گەلی کوردیان لە ئاستی جیهاندا بەرقەرار کردووە.
- سنووری سیاسیان شکاندووە، زۆربەی لایەنەکانی تری ژیانی کوردەواریان، وەک زمانەوانی، کلتوور و هونەر گرتووەتەوە.
- دەستگای سیڤلسالارن، مرۆڤپەروەر و گۆشارن، لە چەندین کامپەینی نێونەتەوەیی پێکهاتوون کە بزاڤی کوردیان لە زەبروزەنگ جودا کردووەتەوە.
- کلتووری دیموکراتی و سیڤلسالاری وڵاتانی دیموکرات و سیڤلیان لە بەرژەوەندی کورد بەکارهێناوە. کلتووری نێودەوڵەتیان بەکارهێناوە.

ئەم فەلسەفەیە خۆی لەسەر ئەم لایەنە نوێ و پۆزەتیڤەکانی بزافی کورد بنیات دەنێت. فەلسەفەیەکی بەرین دەبێت، بیروڕای جودا و کامپەینی گەلی کوردستان لەخۆدەگرێت، مەودای دووریان دەداتێ و ئاراستەیان دەکات. بەڵام ئایا ئەم لەخۆگرتنە چ شێوازێک وەردەگرێ؟

هەڵبەت سەرەتاکانی ئەم پرسیارە لە چالاکیەکانی ئیمڕۆدا بەرجەستەیە. گفتووگۆ، تاوتوێکردن و پێشنیاری رۆشنبیران، کامپەینەکان، ڕێکخراوە کورد و کورددۆستەکان دەستپێکی بەرجەستەبوونی ئەم فەلسەفەیەن.

## چەرخی هەڵسانەوەی میدەکان

کێشەی کورد کێشەی گەلێکی 40 ملیۆن مرۆیە. گەلی کورد لە ژمارەدا هاوتای فارس و تورکە و دوای عەرەب دێت. کێشەی کورد گەورەترین کێشەی نەتەوەییە لە خۆرهەڵاتی ناوەندا و لە کێشەی فەلەستینیەکان بەربڵاوترە. بەڵام کورد وەک فەلەستینیەکان هێندە بەختەوەر نیە، کە 22 وڵاتنەتەوەی عەرەبی لە پشتەوە بێ و لەگەڵ ئیسرائیلی ئاوەڵادا کێشەی هەبێ، کە هەواڵەکان بە هاسانی بگەنە جیهان. کوشتنی تاکە فەلەستینیەک میدیاکانی جیهان دەهەژێنێت. ئەنفالکردنی 182 هەزار کورد گوێی تاکە میدیایەک یان سیاسیەکی جیهانی نەهەژاند. بگرە لە ترسی لەدەستچوونی بەرژەوەنیشیان، وڵاتانی خۆرهەڵات و ئەمەریکا پاسەوار بۆ تاوانەکانی دەوڵەتەکانی کورد–داپڵۆسەر دەهێننەوە.

ئاشتی لە خۆرهەڵاتی نێوەندا بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پیادە ناکرێت. بەڵام ئایا کورد سەنگ و کاریگەری خۆی لە ناوچەکە و لە جیهاندا دەزانێ؟

ئەز ئەم سەدەیە بە سەدەی هەڵسانەوەی میدەکان دادەنێم، گەر گەلی کوردستان بتوانن خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. میدەکان باوباپیرانی کورد بوون؛ لە مێژوودا خاوەن ئیمپراتۆریەتی سەقامگیر بوون. ئیمرۆ دەرفەتێکی مێژوویی بۆ نەوەی میدەکان هاتۆتەکایەوە بۆئەوەی بتوانن لە خەونی چەند سەد ساڵەیان بە ئاگا بێنەوە و وەک هێزێکی نێونەتەوەیی و هەرێمی کاریگەر بێنەوە کایە. ئەمەش بەبێ دامەزراندنی بزافێکی نوێ بە فەلسەفەیەکی نوێ و بەبێ خستنەکاری تواناکانی هێزی کۆمەڵایەتی نوێ ناکرێت. دەبێت ئەو سیاسەتەی ئیمڕۆ لە کوردستانی سەرتاسەردا پیادەیە، چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە. بگرە دەبێ لە ڕەگوریشەوە هەڵبتەکێنرێ و دابمەزرێنێتەوە.

ئەمڕۆ ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە (عێراق، ئێران، سووریا و تورکیا)، هەموو لە جۆرێک گێژاودان. پێکهاتەی سیستمی جیهانی لە گۆڕاندایە. ستراتیجی ئەمەریکا و یەکێتی ئەورپا، گەر بزانرێت

بەکاربهێنرێت، لە بەرژەوەندی کورددایە. دیاردەی سەرهەڵداو لە ڕێکخستەی نوێی جیهان (نیو وۆڵد ئۆردەر) و گلۆبەلایزەیشنەوە (بەجیهانبوون) یاریدەی کورد دەدەن.

لەسایەی گۆڕانکاریەکاندا، دۆخێکی لەبار بۆ کوردستان، بە هەر چوار پارچەکەیەوە، ڕەخساوە، کە کورد ئەستەمە دەستبەرداری بێت. لێرەدا، هەندێک لەو دەرفەت و گرفتانەی ڕووبەڕووی هەر پارچەیەکی کوردستان دەبن دەتوێژمەوە.

**ئەمەریکا لەنێو ستراتیجی کورددا**

ستراتیجی نیوکۆنسەرڤەتیڤی ئەمەریکا درێژەخایەنە بۆ پاراستنی ئەمەریکا و بەرژەوەندی، کە خۆی لە سێ تەوەردا دەگرێتەوە.

*تەوەری یەکەم*، تێرۆرست و ئەو وڵاتانەی کە بەدوای چەکی کۆکوژەوەن، گەورەترین مەترسی لە گوزەرانی ئەمەریکا و ڕێکخستەی نوێی جیهان پێکدەهێنن. تەوەری دووەم، خۆرهەڵاتی نێوەند جێی ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ئەوروپای گرتووەتەوە. بەدیمکراتیکردنی خۆرهەڵاتی نێوەند ئەمەریکا مەترسی لەسەر نامێنێ. تەوەری سێیەم، ئەمەریکا دەبێت وەک یەکەم هێزی ئابووری و سیاسی جیهان بمێنێتەوە، نەک لەبەرئەوەی کە هێزێکی دوژمن سەرهەڵنەدات، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕێکخستەی نوێی جیهان بمێنێتەوە.

هەر سێ تەوەرەکانی ستراتیجی ئەمەریکا لە بەرژەوەنی کوردن.

جەنگی دژی تێرۆری کۆمەڵگای نێونەتەوەی لە بەرژەوەندی گەلی کوردستانە. کورد تەنیا گەلێکە لە خۆرهەڵاتی نێوەندا کە بە تێرۆرزمەوە گرێ نەدرا بێت. ڕاستەکەی کە کورد خۆشی قوربانی تێرۆرە. کورد دەبێ کاریگەر بێت کە ئەمەش کورد دەکات بە هاوبەرژەوەندی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. کورد پێویست ناکات خۆی بکات بە پاشکۆی ئەمەریکا. هەڵبەت دەستەڵات و توانای ئەمەریکای نیە لە جەنگی دژی ترۆردا، بەڵام دەتوانێت ببێت بە پێگە و پشتی ئەمەریکا لەم جەنگەدا. ڕاستەکەی ئەمەریکا تەنیا کورد دۆستێتی لە خۆرەڵاتی نێوەندا.

بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، کورد و کوردستان بوون بە بەشێک لە ستراتیجی زلهێزانی وەک ئەمەریکا و بەریتانیا. ئەمڕۆ ڕایگشتی گەلی کوردستان دەتوانێت کاریگەر بێت لە هەڵبژاندنی گشتی ئەمەریکادا. بەڵام گرفتەکە کورد خۆیەتی. کورد ڕای نیە، داوای تواندنەوە دەکات لە عێراقدا.

سێ لەو وڵاتانەی کە کوردستنیان داگیرکردووە (سوریا، عێراق و ئێران) بە دەوڵەتی تێرۆر و ناهەموار ناسراون لە ستراتیجی ئەمەریکادا. کورد لە عێراقدا کاریگەر بوو لە دۆستایەتی ئەمەریکادا، بەڵام دۆستایەتیەکی کردە قوربانی بەعێراقیکردنی کورد و کوردستان.

ئەو گوڕانکاریانەی کە ئەمەریکا دەیەوێت لە خۆرهەڵاتی نێوەندا بەرجەستەی بکات لە بەرژەوەنی کوردە.

ئابووری، بەتایبەتیش نەوت، نابێت لە ستراتیجی ئەمەریکاندا لەیاد بچێت. گەر نەوتی خۆرهەڵاتی نێوەند بگیرێتەوە، ئەمەریکا کڕ دەبێت. کوردیش خاوەنی نەوتە، کە کورد دەتوانێت سیاسەتی ئەمەریکا و وڵاتانی تریشی، وەک چین و ژاپۆن، پێ کۆنرۆڵ بکات.

سەرپشکی ئەمەریکا وەک تاکە هێز و ڕێکخستەی نوێی جیهان لە بەرژەوەندی کوردە. لەم پێکهاتەیەدا، کورد ئاسانتر دەتوانێت بەدوای مافی چارەی خۆنووسیندا بچێت.

خەباتی کورد وەک ئێرانی، عێراقی، سووری یان تورکی نەزۆکە. سیاسەتی ئەمەریکا ئەوەی لە بەرژەوەندیە کە کورد خۆی جودا بکاتەوە لە وڵاتانی داگیرکەر.

لە هاوڵاتی ژمارە 222 – 4 مەی 2005دا بڵاوکراوەتەوە.

ڕێبوار فەتاح – rebwar@ikurd.com